


سەلام محەمەد

# چ شیعرێکە سووتێنراوە
# وا ئەمشەو بۆچڕووک دنیای داگرتووە(*)



ئەمشەو نازانم
شیوەنە یان شاییە
سەرەتاییە یان کۆتاییە
ئۆخەی ماچە یان نالەیماڵئاواییە
ئەمشەو شەوێکە دووبارە نابێتەوە
شەوی یادگاری
وڵات و
شار و
گوند و
ئاواییە
شەوێکە تەمی سپی و جوان
وەک سەر و ڕیشی (سەلاح شوان)
نا نا دووکەڵی هەناسەی
کە بووەتە گڕی تەنووربان

تێکەڵاوی ڕنووە بەفری بەرگڵۆپە
زەردەکان و بۆنی زوقم و زریان بووە
لەوەش ئەچێت
غەمە سووتاوەکەی ئەو بێت
وا بۆچرووک لە دوا مەڵبەندی ئەم قوتبە تەزیوەوە
بەری ئاسمانی گرتووە
بە جۆرێ لە منیش تێکچووە
نازانم ئەمشەو شیوەنە یان شاییە
نازانم ئاهەنگی چرا کوژانەوەی کڵاوقوتە
یان شەوچەرەی کاکەییە
یان پەلکەزێڕینەی شووشەی ئەندێشەیە و
هەر وڕێنەی تەنیاییە
کێ چووزانێ
ئەمشەو لە دوای دوا پەرداخ و
دوای تەقینەوەی دۆزەخی سووری ناخ و
وەستانی کات
دوا گیانەڵڵای تەمەن نییە
ئەوجاریش ئیتر (کۆچی یارە و کۆچی سوورە) و
نۆرەی کۆچی ئەبەدییە
نا نا ئەمشەو شەوێکی (دیار) و درێژە
شەوی خەڵوەتی (مەولەوی) و زیکر و نوێژە
لەم شەوەدا
بێدەنگی بووەتە ڕۆمان و
لە زمانی حەرف یاخییە
شەوی گڕگرتنی گیانە
زەماوەندی مەرگ و ژیانە
شیوەنی داخبوونی بیر و برژانی ئێسقانەکان و



هەڵقرچانی ڕۆحی خودایە
شەوێکە و هەتا بەیانی
ئاهەنگی سەمای زۆربایە
نا نا شەوی
(نالی) و دەیجوور و یەڵدایە
شەوی خامۆشی (هەژار) و
ئەستێرەی گەشی بەزریوە و
زولفە ڕەشەکەی لەیلایە
چ لافاوێکی هێمنە
چ ئازارێکی بە تامە
چ شەوێکی
بێ ڕەنگ و
بێ دەنگ و
ونە
چ تاریکییەکی خۆشە
تا چاو هەڵخەی لە دەرەوە
بەفرە
بەفرە
بەفر دەبارێ
تا سەرنجدەی لە ناوەوە
ژەهرە
ژەهرە
ژەهر دەبارێ
ئای لەم شەوە پڕ گوناهە
لەم تەنیاییە پیرۆزە
چ ژانێکی بە ئارامە



### سەعات
ئیمشەو دوو کەس
بێدارن خەویان زڕاوە
یەکەمیان زۆر پەلەیەتی
وا هەست ئەکات کات وەستاوە
ئەوی تریش خوا خوایەتی کات ڕاوەستێ
بە ترسەوە ئەڕوانێتە سەعاتەکەی ناو گیرفانی
ئەبینێ وا میلی سەعات
فڕکان فڕکان بۆ پێشەوە تەکان ئەدات
خێراتر لە جاران ئەڕوات
ئەوەی یەکەم بۆ بەیانی
چاوەڕوانی ژوانی یارە
دووەمیش پەتی سێدارە

### خەم
خێرایی تیشکی هەتاو
سێ سەد هەزار کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا
خێرایی تیشکی بیری مرۆڤیش لە چرکەیەکدا
ملیۆنێ ساڵی هەتاوییە

### گورگ و مرۆڤ
کاتێ گورگ
هەڵمەت ئەباتە سەر بەرخێک و ئەیخوات
هەموومان وەکو سۆز
لایەنگری بەرخ و دژی گورگین
کەچی خۆمانیش
بە کوڵاوی و بە برژاوی
گۆشتی بەرخ ئەخۆین

## زۆربا

**فشە ناکەم و حەز بە فشەکەران ناکەم**

**بەڵام ئەزانم زۆربای یۆنانی هەیە**

**زۆربای کوردستانی هەیە**

**زۆربای عەرەب هەیە**

**زۆربای جیهانیش**

**منیش زۆربایەکی گەردوونیم**

## خۆشەویستی

**خۆشەویستی جۆری زۆرە**

**بەڵام لای من بەهێزترینی دوو جۆرە**

**یەکێکیان پێویستی لەش و**

**فەرمان و قەدەری خودایە**

**ئەوەی تریش وەک هەوایە**

**گشت چرکەیەک بەبێ ئەوەی ئاگادار بیت**

**لە ناخی ناخی ناخەوە هەڵی ئەمژیت**

**تا ئەم دنیایە دنیایە**

**ئاوی ڕۆحە**

**ناگۆڕێت و وەک خۆی وایە**

**ئەم جۆرە خۆشەویستییە**

**زمانێکی تایبەتییە**

**بەبێ ئەوەی دەم بجووڵێت**

**لێوە چرپەکات**

**هەر بە سووکە تەماشایەک**

**بەرانبەرەکەت تێت ئەگات**

* ناونیشانی شیعرەکەم لە شیعری (بەڕووتی لەبەر بارانی لەزەتدا)ی (سەلاح شوان) وەرگرتووە.